# بەهارێك بۆ گەنج. .پاشماوە

خۆ ئەگەر گریمان ئەوەش بکەین دەسەڵات راستگۆیە لەوەی ئێستا داوای بەهار دەکات ئەوا هەر زوو ڕووندەبێتەوە کە تەنها بۆ ئەوەیەتی خواستەکانی لە پشتیەوە فەراهەم‌و مسۆگەر بکات‌و هیچی تر، چونکە مێژوو ئەو راستیە حاشا هەڵنەگرەی سەلماندووە کە دەسەڵاتی کوردی چەندە رقی لە بەهارو خەسڵەتەکانیەتی، چەندە رقی لە تێکەڵاوبوونەو بە خەتەری دەبینێت لە سەرخۆیدا، بۆیە ئەگەر داواش بکات ئەوا ئەم بەهارە بەهارێکی ساختەیەو ناخێوێتە جەستەی ئینسانەوە، بەهارێکە لەگەڵ گەنج‌و بەشێکی زۆری کۆمەڵگا یەکناگرێتەوە، ئاخر چیدی گەنج بەهارێکی (وەرزی) ساتەوەختی ناوێت‌و بەم بەهارەی دەسەڵاتیش رازی نییە، بەڵکو ژیانێکی دوورمەوداو هەمیشەیی دەوێت کە هەرچوار وەرزی بەهارێکی راستەقینەبێت دوور لە بەهارێکی ساختەیی‌و هەنوکەیی. دەسەڵات لە بەهارخوازیدا وا پیشان دەدات ئەو خاوەن بەهارە، ئەو بەهار دەهێنێت‌و دنیا دەرازێنێتەوە، گەنجیش لەلای خۆیدا پێدا دەگرێت دەڵێت گرنگ نییە با ئەو بەهارە بە دیاری بۆ دەسەڵات بێت، چونکە دەزانێت بێ بەهاری سەرتاپای ژیانی تەنیوەتەوە سری کردووەو ئیدی بە سەوزایی‌و رەنگاو رەنگی گوڵ‌و گوڵزاری هیچ بەهارێکی لەم چەشنە نەرم‌و خاو نابێتەوە.

دەسەڵات لە بەرهار خوازی خۆیدا وا ریکلام دەکات کە زەڕەیەك خاکی وەتەن نادات بە قەسری قەیسەری، گردۆلەیەك، چەمێك، دەشتێك، نزارێك، ناگۆڕێتەوە بە هەموو دنیا، کەچی گەنج لە بەهار خوازی هۆیدا نەوەکو هەر زەڕەیەك خاکی وەتەن نادات بە قەسری قەیسەری، بەڵکو هەموو خاکی وەتەن دەدات بە شوێن پێیەکی بچووکی حەوانەوەو بە ئارامی ژیان خاکی قەیسەر، نەوەکو هەر گردۆلکەیەك، چەمێك، دەشتێك، نزارێك، ناگۆڕێتەوە بە هەموو دنیا، بەڵکو کۆی ئەم ناوچەو شوێنانە ( کە نیشتمانە ) دەگۆڕێتەوە بە ژوورێك‌و چوارچێوەیەکی داخراوو قفڵدراوی بێ هەست‌و بێ نازو بێ مرۆڤ.. لە دوورترین دوورگەی سەر زەمین. دەسەڵات لە بەهارخوازی خۆیدا هەموو شتێك (نیشتمان، شەرەف، کچ، ژن، سامان، تەنانەت کوریش) بۆ خۆی دەوێت‌و بۆ خۆی پاوان دەکات، گەنجیش لە بەهارخوازی خۆیدا دەڵێت قەیناکا دەسەڵاتی ئازیز با هەمووی ئەم شتانە (نیشتمان، شەرەف، کچ، ژن، یار، سامان) بۆتۆ بێت، بە تەنها جەستەی خۆم بۆ خۆم، جەستەی خۆم دوور لە هەموو ئەمانە بە کۆڵێك ئازارو خەم‌و خەتاوە بە کۆڵێك برینداری‌و گوناهی نیگەرانیەوە بە نێو قولایی دۆڵ‌و کەندەکان.. بەرزایی گرد و شاخەکان. نەپساوەی رێگا دوورو درێژەکان.. سەر شێتی شەپۆلی رووبارو دەریاکان خراپی‌و کۆنی بەخت‌و پاپۆڕەکان.. تەپ‌و تۆزو دوکەڵی شاحینەو لۆریەکان.. شەق‌و شولاق‌و تێهەڵدانی پۆلیس‌و هەیتەکان.. بۆ سەدانانەوەو گرتن‌و لێدان‌و کوشتنی جەندرمەو سەربازە سنووریەکان.. مانەوەیەکی سەر سوڕهێنەری درێژخایەن لە نێو کەمپ‌و کەنیسەو بارەگاکان. بۆ خۆم، بۆ ئازادی، بۆ مەنفا. ئیدی کاتی ئەوە هاتووە بە دەسەڵات بڵێین ئەو بەهارخوازیە هەڵەیە.. ئەو بەهار بینیە ناشیرین کردن‌و دزێوکرنی جەوهەرو روخساری بەهارە، ئەو بەهارخوازیە لە سەر بنەمای نەویستنی بەهارێکی هەمیشەیی بونیاد نراوە، دیسان بە گەنجیش بڵێین ئەم بەهارخوازیە بێ زەرەروو زیان نیە، بێ کێشەو گرفت نانەوە نیە، بۆیە باشترێکە ئیش بۆ گۆڕین‌و نەهێشتنیان بکەین، ئیش بۆ لە ناوبردنیان بکەین، بۆ ئەمەش کورترین ئەگەر ئەوەیە لە دەسەڵاتەوە دەست پێبکەین ئینجا لەوێوە بەرەو گەنج بڕۆین، چونکە پێدەچێت ئەوەی دووەم هەندێك جار وەکو کاردانەوەیەك لە دەرەنجامی کردە نامۆقوڵ‌و نالۆژیك‌و ناعەقڵانیەکانی دەسەڵات هانای بۆ ئەم بەهارخوازیە بردبێت یا بەم شێوەیەی ویستبێت.

لە سەرەتایی ئەم ئەگەرەشدا دەبێت هەوڵبدرێت دەسەڵات وێنەی راستەقینەی خۆی وەکو خۆی دوور لە گەورەکردن‌و پڤکردن‌و پیرۆزکردن، وێنەی کۆمەڵگاو تاکیش وەکو خۆی دوور لە بچووککردن‌و هێنانەوە باریەك‌و ناپیرۆزکردن ببینێت، واتا بە دەسەڵات بڵێین دەستە گیان ئێوە هەموو شتێك نین لەم سەر زەمینە، مەخلوقێك نین بە دەر لەهەر مرۆڤێکی نێو کۆمەڵگاو هێندە گەورەو پیرۆزنین وەکو ئەوەی خۆتان نیگای دەکەن، بۆیە باشترێکە شێوازی تێفکرین‌و مامەڵەکردنتان بگۆڕن‌و هەوڵبدەن ئاشتی، ئازادی، نان، کار، ماف، تا هەم بۆ گەنج‌و هەم بۆ کۆمەڵگا ئامادەو مسۆگەر بکەن، باشترێکە بە تەنها بیر لە سوودو قازانج‌و بەرژەوەندییەکانی خۆتان نەکەنەوە، باشترێکە بە تەنها خۆشی ژیانتان بۆ خۆو حەڵقە پەیوەستەکەتان نەوێت، لێرەوە ئەگەر دەسەڵات بە ئاگا هاتەوەو بڕیاریدا ئیدی هیومامیستانە مامەڵە دەکات‌و رێگاکانی ئەم ئەگەرە لاوازە دەگرێتە بەر، ئەوا لەوێوە ئیدی خۆ بەخۆو پلە بە پلەو قۆناغ بە قۆناغ ئەم بەهارخوازیەی گەنجیش دەگۆڕێت، لە دەرەنجامی هەر دووانەشیان کارەساتەکان بە ئەگەری کەمکردنەوەو نەماندا و گرژیەکانیش بە ئەگەری خاوبوونەوەدا دەچن.

# لە چلەی پێشمەرگەی دێرینی شیوعیدا

## شەهید فازڵ محەمەد ئەمین تۆفیق ناسراو بە فازڵ کارەبایی

محەمەد حەمە ساڵح تۆفیق

**چەپکێك گوڵاڵە سوورەی بەهار دیاری‌و یادگار بێت**

هاوڕێم فازڵ.. ..

لەو دەمەوە کە خۆت ناسی‌و چاوت کردەوەو بە هەست‌و درك پێکردنی کوڕە جووتیارێکی هەژار دیاردەکانی چەوساندنەوەی چینایەتیت لێکدەدایەوەو ئەمسەرو ئەو سەرت دەکرد، لە حزبی شیوعیت زیاتر شك نەدەبرد بۆ ئەوەی کۆششی خۆت بخەیتە پاڵ خەبات‌و تێکۆشانی هەزاران کەسی وەك خۆت بۆ هێنانەدی خەونە شیرینەکانی بەرەی خەڵکی رەش‌و رووت لە نیشتمانێکی ئازاد و گەلێکی بەختیاردا.

سەرەتای ساڵی 1965 کە چوویتە ریزی حزبەوە هەر دەسبەجێ خولیای پێشمەرگایەتیت کەوتە سەر، ئەو دەمە تۆ لاوێکی رەقەڵەی چوست‌و چاپوك بوویت‌و یەکێك بووی لە پێشمەرگە ئازاو بە جەرگەکانی لقی چواری حزب، لەگەڵی شەڕو نەبەردیدا لەگەڵ هاوڕێکانت بەرەنگاری دوژمن دەبوویتەوەو سڵت لە تانك‌و تۆپ نە دەکردەوە.

تا ئێستاش تونکە تونکەکانی قەترەی لای دەربەندیخان شایەتی داستانە قارەمانەکەی لقەکەی ئێوەو لقی دەی حزبن کە سوپای داگیرکەرتان تێدا گیرداو هێناتانە سەرچۆك‌و بە تێکشکاوی بەرەو دواتان گێڕایەوە. ئێستاش بنچك‌و دەوەنەکانی تەپۆڵکەکانی قەترە خوێنە ئاڵەکەی تۆیان لە بندایە سەرباری برینە سەختەکەت هەر دەست بەکاربوویت لێنەدەگەڕای دوژمن سەر لە کون دەربێنێت، لە پەلاماری سەر رەبیەکەی قەڵاکۆنی لای سەرقەڵادا دۆزەختان بۆ دوژمن داخست‌و پاش ئەنجامدانی ئەرکەکە دوو هاوڕێتان لە مەیدانی نەبەردیدا گلان‌و تۆش بوێرانە لاشەی لە خوێن شەلاڵی سەید مەحمودت لە بنی رەبیەکە دەرباز کردو بە کۆڵ گەیاندتە شوێنی مەبەست.

تۆ ئەو کەسە بوویت کە کون لە جەرگتدا نەبوو وەك پێشمەرگەی سەنگەرو پاشانیش وەك پێشمەرگەی ناوشار چ ئەرکێکی حزبەکەت بەرەو روو دەکرایەوە بێ سێ‌و دوو ئەنجامت دەداو تا ئێستاش قەواڵی‌و خۆرنەوزان، هەردەی زەنگنەو پێدە شتەکەی گەرمیان شایەتی ئەو راستییە دەدەن، تا ئێستاش زنجی ماڵە هەژارەکان، چرای قوتیلەی نێو کۆڵێت‌و ئەشکەوتەکان بە هەق سەر بۆ ئەو حەقیقەتە دەلەقێنن.. ئێستاش گەر باس بێتە سەر باسی پێشمەرگایەتی سەردەمی شەستەکان‌و تا ناوەڕاستی حەفتاکان ئەوە رۆحی شێخ عەتاو سەرکردەکانی ترت ئەو راستییە دەسەلمێنن.

تۆ لە کوڕی خەباتی سەردەمی خۆت دوانەکەوتی، لە راپەڕاندنی ئەرکە سیاسی‌و کۆمەڵایەتییەکانت دوانەکەوتی‌و ئەو پەیامەی کە مرۆڤێك وەك مرۆڤ بۆ خۆی دەیخوازێت تۆ گەیاندت، تۆ ساڵانێکی تەمەنت وەك مرۆڤێکی خاوەن هەڵوێستی لووتکە بەگژ چەوسێنەران‌و داگیرکەراندا چوویتەوەو تا دوا هەناسەشت لە هەڵوێست‌و بیری خۆت پاشگەز نەبوویتەوە، لەمەودوا کە منداڵ‌و خێزانێکی زۆرت بە سەردا کەوت لەبەر رۆشنایی هەمان بیرو هەڵوێستت دەتویست سەربەرزانەو بە رەنجی شانی خۆت ژیان‌و گوزەرانی خێزانت دابین بکەیت‌و تا دوا هەناسەی ژیانیشت سەرت بۆ کەس نەوی نەکرد.

تۆ کە پێشمەرگە منداڵکارە رەقەڵەو گورج‌و چاپوکەکە بوویت تا لە تواناتدا بوو گورزی جەرگبڕت سرەواندە جەللادان‌و دوژمنانی گەڵ‌و ساتێکیش لە ئەرکی خەباتی مرۆڤانەت دوانەکەوتی، هەر بۆیە زۆر ئاساییە کە هەمان ئەو جەللادو بە گەل دوژمنانە لە ئەرکی دابینکردنی بژێوی‌و نان پەیداکردنتدا لوولەی دۆشکەی لە ناخیان ژەهراویترت تێبکەن‌و داتبێژن، دڵنیابە هاوڕێم رۆژێك دێت خوێن مژەکان بە سزای رەوای گەل بگەن‌و مژدەی ژیانێکی ئاسوودە بۆ خەڵکی ئەو وڵاتە بێنێت، ژیانێك کە چیتر پیاوکوژەکان بە ئارەزووی خۆیان تەراتێن نەکەن‌و هەر بۆ گەمە کەسانی وەك فازڵەکان بەر دەسڕێژی گوللە نەدەن. مژدە بێت هاوڕێم ئەو رۆژە نزیکە، یادت بەخێر ئەی ئەو مرۆڤەی تا دوا هەناسە بە سەربەرزی ژیایت.



## پرسەنامە

بەناوی رێکخستنەکانی چەمچەماڵی حزبمانەوە حزبی شیوعی کوردستان، پرسەو سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی بنەماڵەی کۆچکردوو هاوڕێی دێرینی حزبمان هاوڕێ جەعفەر حەمید رەشید دەکەین هیوادارین ئەمە دوا کۆستی بنەماڵە بەڕێزەکەیان بێت.

**کۆمیتەی رێکخستنی چەمچەماڵ**
**حزبی شیوعی کوردستان**

# دوو پرسەنامە لەلایەن

## مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی کوردستان

### بەڕێزو خۆشەویست کاك ئەنوەر بنەماڵەو کەس‌وکاری باوکی شەهید بەختیار

بە داخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی مام جەعفەر (باوکی شەهید بەختیار)مان بیست، نیگەرانی کردین، هاوبەشی غەم‌و پەژارەتانین. هیوادارین تەمەنی درێژی بۆ ئێوەو بنەماڵە تێکۆشەرەکەتان بەجێ هێشتبێت‌و، دوا ناخۆشیتان بێت.

**مەکتەبی سیاسی**
**حزبی شیوعی کوردستان**
2002/4/5

### بەڕێز هاوڕێ دێوانە مەحمودو بنەماڵەی کۆچ کردوو.

بەخەم پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کردنی کاك (محەمەد)مان پێگەیشت هەر بەم بۆنە خەمناکە پرسەو سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی ئێوەی ئازیز دەکەین‌و ئومێد دەکەین ئەمە دوا کۆست‌و ناخۆشیتان بێت

**مەکتەبی سیاسی**
**حزبی شیوعی کوردستان**
2002/4/12

# سوپاسنامە

سوپاس‌و پێزانینی خۆمان ئاراستەی هاوڕێیانی حزبی شیوعی کوردستان‌و هەموو ئەو حزب‌و لایەن‌و دۆست‌و خزمانە دەکەین کە بەشداری گەرم‌و گوڕی پرسەی برای کۆچ کردوومان هاوڕێ (حەمەرەشید ئەحمەد دێوانە)یان کرد.

هیوادارین نارەحەتی نەیەتە رێگای هیچ لایەك.

**بنەماڵەی کۆچ کردوو**

# سوپاسنامە

بە بۆنەی کۆچی دوایی (جەعفەر حەمید رەشید)ی باوکمەوە، لە ناخەوە زۆر بە گەرمی سوپاسی هەموو ئەوانە دەکەین کە لە پرسەکەدا بەشدارییان کردین، بە تایبەتی هەردوو کۆمیتەی رێکخستنی چەمچەماڵ‌و کۆمیتەی پارێزگای کەرکوکی حزبی شیوعی کوردستان‌و هەموو دۆست‌و برادەرانی خەڵکی چەمچەماڵ.

خوازیارین تووشی هیچ جۆرە ناخۆشییەك نەبن.

هەر خۆشبن

**کوڕی کۆچکردوو**
**ئەنوەر جەعفەر حەمید**

# بۆ سەرۆکایەتی هەردوو

## پارتی حکوڕانی کوردستان

ئێمە کە پتر لە دووسەد رۆشنبیری شاری سلێمانین، ئەمرۆ سێ شەممە رێکەوتی 2002/4/9 لە ژووری بازرگانی شاری سلێمانی‌و بەمەبەستی گفتوگۆکردن لەسەر ئەو یاداشتنامەیەی رۆشنبیرانی دەرەوەی وڵات کۆبووینەوەو لەم کۆڕەدا کە د. نوری تاڵەبانی داواکارییەکانیانی خستە بەردەمان، کە بۆ بەڕێزیشتان پێشکەش کراوە.

پشتگیری تەواو لەو یاداشتنامەیە دەکەین‌و داواکارین وەك خۆ ئامادەکرنێك بۆ گۆڕانکاریە چاوەڕوانکراوەکان لە ناوچەکەدا، حکومەتێکی هاوبەشی فراوان لە هەموو هێزە سیاسیەکانی کوردستان پێك بهێنرێت.، کە ئەمەش تاکە رێگایە بۆ بەشداریکردن لە دەستنیشانکردنی پاشە رۆژی کوردستان‌و عێراق.

**سلێمانی**
2002/4/9

# کیرستن خێراترین گۆڵ

## لە مێژووی یانەکانی ئەڵمانیا تۆمار دەکات

یاریزانی بەناوبانگی نێو دەوڵەتی کیرستن توانی گۆڵی ژمارە پێوانەی تۆمار بکات لە یاریزانانی نێوان یانەی بایرلیڤرکوزن‌و یانەی کایزرسلاوترن کە توانی بەخێرایی 12.3 چرکە گۆڵ تۆمار بکات ژمارە ئەم پێوانەیەش لە مێژووی وڵاتی ئەڵمانیا بە خێراترین پێوانە دەژمێردرێت چونکە تا ئێستا هیچ یاریزانێك نەیتوانیوە ئەم ژمارە تۆمار کات بەم شێوەیەش ناوبراو توانی ناو دەنگێکی باش بۆ خۆی مسۆگەر بکات.



# بیریس

## لە جامی جیهانی 2002 بێ هیوا بوو



یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی هەڵبژاردەی فەرەنساو یانەی ئەرسنالی ئینگلیزی (روبیر بیریس) لە راگەیاندنێکدا بۆ رۆژنامەی (لیکیب وەرزش)ی بێ هیوا بوونی خۆی راگەیاند لە بەشداریکردنی لە مۆندیالی 2002 ئەمەو ناوبراو گوتی جامی جیهانی 2002 سەبارەت بە من کۆتایی هاتووە چونکە من ناتوانم بەشداری تێدا بکەم هەروەها وتەبێژێك بە ناوی یانەی ئەرسنالی ئینگلیزی رایگەیاند بیریس ناتوانێت بەم زووانە بگەڕێتەوە ناو یاریگا چارەسەرکردنەکەی ماوەیەکی زۆر دەخایەنێت هەروەها راهێنەری هەڵبژاردەی فەرەنسا، (روجیە لومیر) ئەمەی دووپات کردەوە کە بیریس ناتوانێت بەشداری لە جامی جیهانی 2002 بکات چونکە ئازارەکەی زۆر سەختەو چارەسەرکردنەکەی ماوەیەکی زۆری دەوێت. لە دوا وتەکانی راهێنەری هەڵبژاردەی فەرنسا هیوای چاك بوونەوەی بۆ (بیریس) خواست.

# پلاتەر

## سەردانی سودان دەکات لە گەشتەکەی

سەرۆکی ئێستای یەکێتی تۆپی پێی نێو دەوڵەتی جوزیف پلاتەر لە گەشتەکەی بۆ وڵاتانی جیهان بە مەبەستی کۆکردنەوەی دەنگ بۆ خۆ هەڵبژاردنەوەی جارێکی دیکە بۆ سەرۆکایەتی فیفا. ئەمەو ناوبراو متمانەی بە خۆی هەیە کە جارێکی دیکە جڵەوی سەرۆکایەتی فیفا بگرێتەوە، هەرچەند عیسا حەیاتۆ بە هەمان شێوە لە وڵاتانی جیهان بە دوای کۆکردنەوەی دەنگدا دەگەڕێت بۆ ئەوەی جێگا بە پلاتەر چۆڵ بکات عیسا لە راگەیاندنێکیدا گوتی: من پاڵپشتی گشت وڵاتانی کیشوەری ئەفریقام بە دەست هێناوەو متمانەم بە خۆم هەیە کە دەتوانم لە هەڵبژاردنەکانی فیفا پۆستی سەرۆکایەتی بە دەست بهێنم تاکو ئێستا لەلای کەس رووی نییە کەوا کام لەم دوو پاڵێوراوە پۆستی سەرۆکایەتی فیفا بە دەست دەهێنن کە وابڕیارە لە 29/ئایار هەڵبژاردنەکە دەست پێبکات بەر لە دەست پێکردنی یارییەکانی مۆندیالی 2002 بە دوو رۆژ بۆ ئەم مەبەستەش هەردوو پاڵێوراو لە وڵاتانی جیهان دەگەڕێن بۆ پاڵپشتی کردنیان.

بەڕێوەبەرایەتی تاپۆی هەولێر
بڕیاری چەسپاندنی خاوەندارێتی خانووبەرە
پشت بە کۆنووسی چەسپاندنی خاوەندارێتی تایبەت بە خانووبەرەی زنجیرە ( 2/ 455 ) لە گەڕەکی: 44 وارش لە رێکەوتی 9 / 4 / 2002 و دەرئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوەی لێی کراوە بە پێی ئەو دەسەڵاتەی مادده 48 /ی یاسای تۆمارکردنی خانووبەرە ژمارە 43 ی ساڵی 1971ی هەموار کراو پێی داوم بڕیارم دا خاوەندارێتی تەواوی خانووبەرەی دیاری کراو بەناوی تحسین احمد مصطفی بچەسپێ‌و ئەم بڕیارەش بە پێی مادده 49/ی یاسای ناوبراو بۆ ماوەی (30) رۆژ بڵاو بکرێتەوە.
دادوەر
سیروان کمال عبدالرحمن
سەرۆکی لیژنەی چەسپاندنی خاوەندارێتی
دادوەری بەرایی هەولێر/1

دادگای تاوانی سلێمانی
ژمارە: 504 / ج / 2001 - ب
بەروار: 1 / 4 / 2002
ئاگاداری
بۆ تۆمەتباری راکردوو 1- محمد رشید حسین 2- ئومێد محمد محمدامین
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بە پێی ماددەی (225) لە یاسای (سزادانی عێراقی) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (سەرایی) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارماندا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە رۆژی 20 / 7 / 2002 لەبەردەم دادگاکەمان ئامادە بیت یاز خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادە بوونت بە پێی یاسا.
سەرۆکی دادگا
کمال مصطفی قادر

دادگای تاوانی سلێمانی
ژمارە: 213 / ج / 2001
بەروار: 1 / 4 / 2002
ئاگاداری
بۆ تۆمەتباری راکردوو مەریوان غریب ابراهیم
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بە پێی ماددەی (444) لە یاسای (سزادانی عێراقی) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (سەرایی) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارماندا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە رۆژی 15 / 7 / 2002 لەبەردەم دادگاکەمان ئامادە بیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادە بوونت بە پێی یاسا.
سەرۆکی دادگا
کمال مصطفی قادر

دادگای باری کەسی بنصلاوە
ژمارە (23) ب/ ك/ 202
بەروار 2002/4/3
بابەت/ ئاگادارکردنەوە
بۆ داوالێکراو (شهلە محمود احمد) شوێنی دانیشتنی نادیارە لەبەر ئەوەی داواکار (رحمان رفیق حسین) داوای ژمارە 23/ب/ك/2002 لە سەر تۆمارکردووە وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی روونکردنەوەی (استشاری اشعار مختاری) ناحیەی بنصلاوە بۆیە بڕیاردرا بە هۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆی ئاگاداربکرێیتەوە بۆ رۆژی "دادبینی" لە 2002/5/1 بە خۆت ئامادەبی یاخود نوێنەرێك لە جیاتی خۆت رەوانە بکەیت، بە پێچەوانەوە "دادبینی" دەرحەقت بە پاشملەو ئاشکرایی ئەنجام دەدرێت بە پێی یاسا.
قازی
شاکر شریف حسین
2002/4/13